# وەهمی مۆدێرنیتی لەگوتاری بەشاربوونی سلێمانی

## نیهاد جامی

لەنێوان شارو مۆدێرنیتیدا پەیوەندیەکی هاوبەش هەیە بەوەی شار بەرهەمی مۆدێرنیتیە, چونکە پەیوەندیەکانی ژیان لە شاردا پەیوەندیەکی جیاوازە بەوەی لە لادێ وناوچە شاخاویەکان هەیە, بۆ ئێمەی کورد ئەوەی جێگەی نیگەرانی بێت ئێمە بەو مانایە شارمان بەمانا مۆدێرنیتیەکەی نیە, ئەگەرچی گرێی شارچیەتی تورەمان دەکات و بەردەوام دەیەوێ وامان تێبگەیەنێت کە ئێمە خاوەنی شارین بە مانا مۆدیرنیتیەکەی, لەو ناوبردنە چەندە ئێمە خۆمان دەسخەرۆ دەدەین حزبە دەسەلاَتدارەکانی ئێمە سەد هێندە ئەو وەهمەمان قوڵتر دەکەنەوە, بەوەی خاوەنی شارین, ئەو کاتەی بمانەوێ بزانین ئێمە شارمان بەمانا مۆدێرنیتیەکەی هەیە دەبێ بەگیانی ڕەخنە گرتنەوە لە شار بدوێین, وەك چۆن دەبێ شوێنی قسە لێکراو ڕووبەرێکی دەست نیشانکراو بێت بۆ قسەکردن, بۆئەو مەبەستەش زیندووترین شوێن کەلەسەری بوەستین شاری سلێمانیە, لەڕووی گەشەسەندنی پەیوەندیی کۆمەلاَیەتی وسیاسی ورۆشنبیری, بەلاَم ئەوەی پێویستە ئەو گوتارە بباتە ئاستێکی پێشکەوتوو ئەوە ئەو گوتارە سیاسیە نیە کە لە پشت شوبهاندنی ئەو شارەیە بە پایتەختە پێشکەوتووەکانی خۆرئاوا, بەڵکو ئەو گوتارە هێندەی مەبەستی ستایشکردنی خۆیەتی بەهیچ جۆرێك خەمی ئەو شارەی نییە, بۆ ئەوەی بزانین ئەو شارە تاچەند سیماکانی مۆدێرنیتی شاری کوردیی تیا ڕەنگی داوەتەوە, ئەوە دەبێت ئەو ستایشە بگۆڕینەوە بە ڕەخنە, ڕەخنە لەو سیاقەدا هەولێکە بۆ لابردنی دەمامکی"سلێمانی شاری مۆدێرن وشارستانییە " چونکە ئەو دەمامکە جگە لە هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی شاروستایشکردنی دەسەلاَت وەك هێزێکی مۆدێرن گوتارێکی تری پێ نیە ئاراستەمانی بکات, ئەوکاتەی هەستی بەلابردنی دەمامکەکانی ڕووشی کرد دەبێت گومانمان لە هەر ناوبردن وبیانویەك نەبێت کەلەپشت ناشیرین کردنی شتەکانەوە بێت, بیرمان نەچێت ئەزمونی سالاَنی ڕابردوو ئەزمونی ناشیرینکردنی دنیای کوردیی بوو بەدەستی ئەو دوو حزبەوە, سەیرەکەش لەوەدایە بەهۆی یەکلاکردنەوەی ململانێ سیاسیەکانی ئەو دوو هێزە دابەشبوونە سەر دووشاری جیاواز بۆیە کاتێ لەقسەکردنمان لەسەر شاری هەولێر زیاترین قسەبەر پارتی کەوت هۆیەکەی هێندە ڕوون بوو بەوەی ئەو هێزە بەشداربووە لە دواکەوتنی ئەو شارە وەك چۆن لەقسەکردنمان لەسەر شاری سلێمانی ئەوە یەکێتیە دەکەوێتە ناو ڕەخنەوە نەك هێزێکی تر لەبەر چەندین هۆکار کە من هەوڵ دەدەم لەو ووتارەدا ئەو هۆکارانە دەست نیشان بکەم, بێباك لەو دەنگەی کە دەیەوێ ئەو ڕەخنانە تاوانبار بکات بە ڕقی شارچیەتی , دڵنیام لەوەی بەر لەو نوسینە خەڵکانێك هەن ئومێدی ئەوە دەخوازن من ستایشی ئەو شارە بکەم, لەکاتێکدا هەست دەکەم ئەو شارە جوانی خۆی هەیەو پێویستی بە ستایشی من نیە ئەوەی بەکاری خۆمی بزانم بۆ ئەوەی بێئاگا نەبین لە خەوشەکانی ئەوە ڕەخنە گرتنە نەك ستایشکردن.

سەرەتا دەپرسین: ئەو هۆکارە چیە سلێمانی شوناسی شاری مۆدێرنیتی کوردیی وەردەگرێت؟ بەبێ پرسیاری لەو چەشنە خۆمان تەسلیمی هەڵەی فیکری گەورە دەکەین بۆ دوان لەو شارە کەدیارە ئەوەی ئەو شوناسە بەرلە هەموو شتێك دەدات بەو شارە ئەوە پەیوەندیی هەیە بە دوو بونیادەوە یەکەمیان شێوە ئاخاوتنی بابانیەکان, وەك شێوە ئاخاوتنێك کە ئەو شارە دەیکات بە هێما بۆ ڕەسەنی زمان, وە بونیادی دووەمیش پەیوەستە بە تازەیی تەمەنی شوێن, کەدیارە شاری نوێ شارێکە زیاتر توانای قەبووڵ کردنی ئەو بونیادە نوێیانەی هەیە کەخۆی لەپەیوەندیی جیاواز دەبینێتەوە, ئەوە جگە لەوەی بوونی توێژێکی نوێ لەکۆمەڵگای کوردیدا بەناوی توێژی ڕۆشنبیرانو بەتایبەتی شاعیران هۆیەکی تری ئەو دنیا نوێیە,کاتێ شاعیران وێنای دنیایەکی جیاواز دەکەن , دنیای هیوا بۆ خوازراو, دنیایەیەك کەلەناو زماندا بوونی هەیە بوونی ئەو توێژە بەمانای بنیاتنانی شوێنێك کەتیایدا جیاواز بێت, یا بە مانایەکی تر ئەگەر لادێ کۆمەڵە کارەکتەرێکی وەك ئاغاو جوتیاروشوان وهەتا دوایی پێکهاتەی شوێن بن ئەوە دواجار شار کارەکتەرەکانی بریتی دەبن لە ڕۆشنبیرانو گروپە جیاوازەکان, هەربۆیە بوونی پارك چەندە بەرهەمی شارە بەهەمان شێوەش کاتێ ناوی پارك دەنرێت"پارکی سالم"ئەوە بۆخۆی خولقاندنی مێژووی مۆدێرنیتی شاری کوردیە بەوەی مێژووی ئەو مێژووی نوێیە کە شاعیران بەرهەم هێنەرین, هەربۆیە

بوونی شەقامی سالم‌وفلکەی نالی‌و هەر ناوێکی تری لەو چەشنە درێژەی هەمان مانایە,  مانای وایە ئێمە بەدوای شوێنێك دەگەڕێین کە سیماکانی ژیان تیایدا جیاواز بێت لەو ژیانەی هەیە, بەڵام با ئەوەمان بیر نەچێت ئەوە بەو مانایە نیە کە ئێمە شارێکی نوێمان هەیە بەمانای شار, بەڵکو ئەوە هێزێکی سیاسی وەك یەکێتیە لە پشت ئەو گوتارە وەستاوە کەدواجار خەڵکی سلێمانی بێدەنگ بووە , نەك لەبەر ئەوەی خەڵکی ئەو شارە بڕوای بە بێدەنگی هەیە نا بە پێچەوانەوە ڕوحی ڕەخنە گرتن لەو شارەدا هۆکارێکی سەرەکی دەرکەوتەی ئەو سیما مۆدێرنیتیەیە, بەڵام لەبەرامبەر ئەو بێدەنگیە, هۆیەکەی ئەوەیە پێیان وایە ئەو ناوبردنە شارەکە بەرەو پێش دەبات, لەکاتێکدا ئامادەنەبوونی گوتارێکی ڕەخنەیی بۆ ئەو تازەگەریە بۆتە هۆی ئەوەی شارو حزب لەناو وەهمی مۆدێرنیتی بسوڕێنەوە,  چونکە سلێمانی شارێك نیە لەناو مۆدێرنیتی کوردیی بەڵکو شارێکە بۆ ڕاکردن لە ژیانی لادێ و ژیانی ناوچە شاخاویەکان دەیکەین بە ئەلتەرناتیڤ, ئەوەش شارێکە هیچ سەیر نیە دواتر سیماکانی تازەگەری شیعریی کوردیی هەر لەو شارەوە دەست پێبکات,  لەلایان گۆرانەوە هەرلەسەر دەستی شاعیرێك بێت کەنەوەی ئەو شارە بێت, بۆیە هەر لەگۆرانەوە بۆ شێرکۆ بێکەس, لە شێرکۆ بێکەسەوە بۆ بەختیار عەلی دواجار سێ دەنگی سێ ئەزمونی تازەگەری شیعری کوردین کەلەناو ئەو شارەدا دێنە بوون, بەڵام ئەو تازەگەریە توانای ئەوەی نیە پێمان بڵێت مادامەکی ئەو شارە خاوەنی سێ دەنگی تازەگەری شیعریی کوردین مانای وایە ئێمە شارێکی تازەمان هەیە بەمانا هاوچەرخەکەی, بەڵکو ئەوەیان وابەستەیە بەو روحیەتی هاوڵاتیانی ئەو شارەوە کە بەهۆی ئەو دوو هۆکارەی دەست نیشانمان کرد بۆیە شارێکە بەخولیای روحی تازەگەری لەناو ئەدەب‌و هونەردا هەیە شێوازی هونەرمەند ئیسماعیل خەیات لە هونەری شێوەکاری و پرۆژەی شانۆی ئەزمونگەری لەلایان هونەرمەندان شەمال عومەرو دانا رەئوف وهاوڕێکانیان درێژەی هەمان روحی تازەگەریە کەسیماکان لەناو دنیای کوردیی لەو شارەدا سەرهەڵدەدەن, بەڵام بەبێ بیرچوونی ئەو ڕاستیەی کە ئەمڕۆ نەوەیەك هەیە لەو شارەدا دەیەوێ لەسەر کلتوری ئەوناوانە بژیێت‌و نەیتوانیووە ڕۆحی تازەگەری بە ئەزمونی دوای ئەو ناوانە ببەخشێت.

سلێمانی دەبێت بە لانکەیەك بۆ ڕاکردنی لادێی بۆ ناوبردنی خۆی بەشاری هەر لە کۆچ کردن بۆ شار تادەگاتە قۆناغی تێکدانی دێهات و دواتر هاتنی هەولێریە ئاوارەکانی شەری ناوخۆ بۆ ئەو شارەو ئامادە نەبوونی گەڕانەوە بۆ شارەکەی خۆیان پەیوەندیی بەوەوە هەیە ئەوان پێیان  وایە لەناو شوێنێکدان کەخاسیەتی شاربوونی  تیایە ئەگەر تیاشی نەبێت ئەوە شوێنێکی تریان دەست ناکەوێت لە سلێمانی باشتر, لەکاتێکدا ئامادەی ئەوەشیان تیا نیە بچن لەشارەکەی خۆیان ئەو ژیانەی لەوێ قبوڵیانە لەوێ کاری بۆ بکەن, هیوام وایە بەوە تاوانبار نەکرێین کە خەڵکانێك بە زۆر ڕاپێچی شارەکان بکەینەوە هەر تەنها لەبەر ئەوەی کەلەدایکبوونی ئەوێ بووە, ئەوەیان مرۆڤ خۆی دەتوانێ بڕیار لەوە بدات کە لەکوێ دەژییێت, ئەوەی من لەبارەیەوە دەدوێم مەسەلەیەکی جیاوازە.

با ئێستا پرسیارەکە بگۆڕینە سەر ئاستێکی ترەوە بە ڕاست سلێمانی شارێکی مۆدێرنە؟ سیماکانی مۆدێرنیتی سلێمانی لە چیدایە؟ ئەوە چیە لە سلێمانی هەیەو لەشارەکانی تر نیە؟ ئەگەر وەڵامەکە بەوە بێت زوو ڕووبە رووی ئەو دۆخە بکرێینەوە کەچۆن لێرە تۆحەزت بەچی بێت دەیپۆشیت کەس هۆیها لە ژنان ناکات وەك ئەوەی لە هەولێر هەیە یاخود ئێمە وەکو دهۆکی داخراو نین‌و کراوەین.

هەر کاتێك بووینە خاوەنی وەڵامێکی لەو چەشنە لەو بڕوایەدام کە ڕێگایەکی دوورمان لەکۆڵ دەکاتەوە کە من جارێ وایدادەنێم وەڵامەکە بەو چەشنەیە کە پێشبینیمان کرد, دواتر ئاستی وەڵامەکە دەبەمە ناو سیاقێکی تر, بۆ وەڵام بەو وەڵامە دەبێت بپرسین مۆدێرنیتی لەمانا فەرهەنگیەکەی مانای چیە؟ مۆدێرنیتی ئەگەر دەسبەرداربوونی مانا باوەکان بێت وئینتیماکردن بێت بۆ ناو دنیایەکی نوێ, دیسان دەبێت بزانین کە ئەو گۆڕانە تاچەند بەرهەمی عەقڵێکە کەپێی دەووترێ عەقڵی شاری, ئەو عەقڵە هەڵگری چ ماناو دەلالەتێکە؟ ئاستەکانی بیرکردنەوەی کامانەن کەلەعەقڵی شارەکانی تر جیاوازن؟ ئایا بەڕاست سلێمانیەکان پڕۆژەی مۆدێرنیتیان قەبووڵە بە هەردوو ئاستە ماددیی‌و عەقڵیەکەی؟

ئەوە پرسیارێکە پێویستە دانیشتوانی ئەو شارە لەخۆیانی بکەن دواتر پرسیاری ئەوەش بکەن کە ئەو دۆخەی دەسەڵاتی سیاسی هاوڵاتیەکانی سلێمانی تووشی وەهمێك دەکات زەمینەو سازدانی ئەو دۆخەی کامانەن کە ئەو دەسەڵاتە سازاندویەتی؟ ئەوەیان دواتر جارێکی تر لە درێژەی قسەکانمان دەگەڕێمەوە سەری, جارێ با پرسیاری ئەوە بکەین: ئایا سیما ڕووکەشەکان لە ڕووی جلوبەرگەوە بەسن بۆ شاربوونی سلێمانی؟ دیارە شاربوون بەومانایەی کە پێویستە دامەزراوەکانی شار بەشداربن لە بنیاتنانی ئەو کۆمەڵگایە هیوا بۆ خوازراوە, جارێ ئەو هیوایە لەبەردەم عەقڵی سیاسی کوردیی بۆخۆی چوونە نێو پانتاییەکی گومانایە, چونکە بوونی هەموو سەندیکاو ڕێکخراوەکانی ژنان و بەشدارانی تری ناو کۆمەڵگای مەدەنی وەك ئەوەی بانگەشەی بۆ دەکرێت, کۆمەڵە ناوەندێکن لەناو سێنتەری حزبدا کۆکراونەتەوە, ئەوەش وامان لێ دەکات مۆدێرنیتی لەو شارەدا زیاتر هەڵگری وەهمێك بێت کەتیایدا تەنها لەناو سیما ڕووکەشەکانەوە نەوەیەکی نوێ نوقمی ئەو یۆتۆپیایە کراوە, ئەگەرچی بوونی سیما ڕووکەشەکان پەیوەندیەکی گرنگی بەشاربوونەوە هەیە وەك چۆن بوونی باڵەخانەی نوێ و پەیوەندیەکانی بەرهەم هێنان وسینەما وماکدۆناڵ و ئازادیە فەردیەکان کەبەهیچ جۆرێك ئەوەی دواتریان نەبۆتە یەکێك لە بونیادەکانی ئەو کۆمەڵگایە, دیارە بۆئەوەی بتوانین قسە لە پەیوەندیی ڕێکخراوو سەندیکاکان بکەین, ناچار دەبین ئاماژە بەو وەهمەی مۆدێرنیتی بدەین کە دواتر سلێمانی وەك شارو یەکێتی وەك هێزێکی سیاسی کۆدەکاتەوە, دیارە هەموو بیرمانە کە ڕووداوی سیو یەکی ئاب ڕووداوێك بوو دواتر ململانێی سیاسی بردە چەندین ئاستی جیاوازەوە, پارتی بوون ئیدیی گروپێکی خێڵەکی ناوچەی بارزان نەبوو, وەك ئەوەی یەکێتی پێش ئەو قۆناغە بانگەشەی بۆ کرد, ئیدیی ئەو هێزێکی سیاسی ناو دنیای ئێمەیە, ئەگەرچی بەبێ بوونی ئەو ڕووداوەش ئەوەیان تەنها دەمامکێکی هەڵخەڵەتێنەر بوو چونکە یەکێتی بیری چوو بوو کە ئەو لەناو بەرەی کوردستانی لەگەڵ ئەو هێزەدا کۆبۆتەوە و بەیەکەوە چونەتە بەردەم سندوقی هەڵبژاردن و دواجار ڕازیش ببوو بەوەی کورسیەکانی پەرلەمان بەش بکەن, ئەوەیان وەهمێکی سیاسی ئەو هێزە بوو ئەوەی بەلای ئێمەوە لەو ڕووداوە گرنگ بوو ئیدیی پارتی هەولێری وەك شوێنێك بۆ سێنتەری خۆی تەماشا دەکرد, کەدیارە بوونی هەولێر وەك شارێکی مێژوویی هاوکاریەکی باش بوو بۆ ئەو هێزە بەوەی بڕواکانی هێزێك کەلەناو تێڕوانینی خێڵەوە هاتووە دەتوانێ لەناو شارێکی مێژوویی باشتر جێگای خۆی بکاتەوە, بەوەی کەزەحمەترە لەناو شارێکی نوێدا شوێنی ببێتەوە, ئەو پێوانەیە بۆ بوونی یەکێتی یا ڕاستر بڵێم ڕاکردنی ئەو هێزە بۆ سلێمانی توانای بەستنی پڕۆتۆکۆلی وەهمی باشتر قووڵ کردەوە بەوەی مۆدێرنیتی ئەو بانگەشەیەی ئەو هێزە لەگەڵ هاتنە بوونی باسی دەکرد زیاتر لەناو شارێکی نوێی وەك سلێمانی دەیتوانی شوێنی خۆی بکاتەوە, بەڵام دواجار ئەوە چ گوتارێك بوو هەریەکە لە یەکێتی و سلێمانیەکانی گەشبین کردبوو؟ ئایا بە ڕاست سلێمانی پایەکانی شاری کوردیی تیا دامەزرابوو بەهۆی هێزێکی مۆدێرنی وەك یەکێتی؟ ئەوەیان پرسیارێك بوو دەبوو زۆر وورد بینانە قسەی لەبارەوە بکرێت, کە بەداخەوە تا ئەو ساتەوەختە ئەو پرسیارە نەك هەربوونی نەبوو بەڵکو دڵنیایی بەو پڕۆژە مۆدێرنیتیە دابوو, هۆیەکەشی ئەوە بوو دەسەڵاتی سیاسی پڕۆژەی مۆدێرنیتی لەناو خۆیدا لەناو ئەو بانگەشانە کورت کرد بۆوە, بۆئەوەی باشتر لەو حالەتە دڵنیا بین, لێرەدا ووتارێکی بەڕێز"جەلال تاڵەبانی" بەنمونە دێنمەوە کە لەیادی ڕۆژنامەگەری کوردیی بۆ میوانانی ڤیستڤالی بەدرخان دەیخوێنێتەوە, ئەو بەڕێزە لەو ووتارەدا ئاماژە بە سلێمانی دەکات وەك شارێك کە شاری ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەگەری بێت, ئەو ناوبردنو ستایشکردنە بەو مەبەستە نیە کە سلێمانی شارێکە پەیوەندیی بە ئاستێکی هۆشیاری بەرزەوە هەیە, چونکە ئەو بایەخدانە لەو شوێنەوە دەست پێدەکات کە دەسەڵاتی یەکێتی سلێمانی دەکات بە سێنتەری چالاکیە سیاسیەکانی, هەربۆیە ئەو ستایشکردنە لە ڕاستیدا ستایشکردنی خودیی حزبەکەی خۆیەتی, چونکە وەك چۆن پارتی هەولێری لەناو خۆی کورت کردۆتەوە, بەهەمان شێوەش یەکێتی سلێمانی وەك ئاماژەیەك بۆ دەسەڵاتی خۆی سەیر دەکات.

ئێستا با لە ئاستێکی ترەوە سەیری پڕۆژەی مۆدێرنیتی لەو شارە بکەین کەبەڕاست هەر یەکە لەو شارەو دەسەڵاتی سیاسی پڕۆژەی مۆدێرنیتیان بە هەردوو ئاستە ماددیوعەقڵیەکەی قەبووڵە؟ چونکە ئەگەر لەئاستی یەکەمدا ئەوە سیماکانی مۆدێرنیتی بوونی هەبێت بەڵام دواتر دەبێت لەناو چەمکێکی فکریەوە سەیری ئەو مەسەلەیە بکەین, ئەوەش پێویستی

بەسەرەو ژێرکردنی ئەو وەهمە هەیە بۆ مۆدێرنیتی لەبەرامبەر سلێمانیدا, بۆیە ئەو گوتارەی کە یەکێتی وسلێمانیەکان گەشبین دەکات بە مۆدێرنیتی گوتارێکە پێویستی بە نائومێدیەکی گەورە هەیە نەك گەشبینی, چونکە دواجار ئەوە یەکێتیە لە پشت ناوی دیموکراسیەوە هەموو ئۆرگانەکانی کۆمەڵگای مەدەنی پەك دەخات, دواجار هەر دەنگێکی جیاواز بەئاسایش یەکلا دەکرێتەوە, هەموان بینیمان کە چۆن ئەو هێزە ڕێگای دا هێزەکانی ئاسایش چەند خوێندکارێکی زانکۆ دەسگیر بکەن, تەنها بە بیانوی ئەوەی کە ئەوان خۆپیشاندان ساز دەکەن.

ئەوەیان ناوبنێین چی گەشە کردنی پڕۆژەی دیموکراسی یان خەمی کۆمەڵگای مۆدێرنیتیمان هەیە؟ ناوبردنی گۆڤاری ڕەهەند بە یەکێك لەمەترسیەکانی ئەمڕۆی گۆڕەپانی سیاسی ترسی ئەو هێزەیە لەکرانەوەو ڕەخنە.

بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانە بە دیاردەیەکی دەگمەن ناو نەبەین, با لە ئاستێکی ترەوە سەیری ئەو پڕۆژەیە بکەین, یانی چی بەدوای دەرچوونی بڕیاری"58و62" ئەوسا چەند ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی فرە ژنی دەسەپێنن وژنی نوێ دێنن, ئایا بەڕاست ئەوان ڕێز لە بیڕیاری مام جەلال ناگرن؟ ئەگەر ئەو گومانە هەبێت دەبا بپرسین ئەی بۆچی کاتێ بڕیاری جەولەی شەر سەرهەڵدەدات کەس نییە ڕێز لە بڕیاری شەڕ نەگرێت, لەهەمووشی سەیرتر ڕێکخراوەکانی ژنان هێندە بێئاگایانە پێیان وایە ئەوان توانیویانە بەو بڕیارە دەسکەوتی گەورە بسەپێنن, ئەگەرچی ئەو توندڕەویەی بزووتنەوەی ژنان بۆخۆی هەیمەنە کردنە دەسەڵاتە بەشێوەیەکی تر, ئەگەر دەسکەوتەکان بەوە کورت بکرێنەوە, کە زۆرترین پۆلیسی هاتوو چۆ ئافرەتن کە ئەوە نەك پڕۆژەیەك نیە بۆ مۆدێرنیتی بەڵکو سەپاندنی ئەگەرەکانی ناو کۆمەڵگای حزبیە, چونکە دەیەوێت پەیوەندیی دامەزراوەکانی حزب لەپیاوەوە فراوان بکات بۆ ژنان, ئەوەیان دەبێت چ پەیوەندیی بە مۆدێرنیتیەوە هەبێت کاتێ ژنان لاسایی کاری پیاوان بکەنەوە, کارێکیش کەتەنها لە بەرژەوەندی دەسەڵات دابێت, چونکە دواجار بوونی ئەو بوونی پۆلیسێکە کە دەنگی لەناو بەڕێوبەرایەتیەکەی دەخنکێنرێت.

ئەوە لەلایەك لەلایەکی تر ئەگەر ئەو ڕاستیەمان قەبوولْ بێت کە مۆدێرنیتی بۆخۆی بێخەوش نیە لەبەرامبەر ئەو تراژیدیایانەی کە ئەمڕۆ لەجیهاندا ڕوو دەدەن, هەر لەکردنەوەی شێتخانەو جیاکردنەوەی شێت لە عاقلْ تا دەگات بەتاوانەکانی جینۆساید ئاخر کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە یەکێکە لەبەرهەمەکانی مۆدێرنیتی سەدام وبۆش دوو پیاون لەناو ڕەحمی مۆدێرنیتی هاتونەتە بوون بەدڵنیایەوە ئەوە هاولاتیەکانی سلێمانی نین کە ئەو تراژیدیایانە قەبوولْ دەکەن کە لەسایەی مۆدێرنیتی مادیەوەیە بەلاَم ئەوە یەکێتیە قەبوولی دەکات, چونکە بەرژەوەندیە سیاسیەکانی بەرەو بالاتر دەڕوات, بۆردومانە وەحشیەکەی هێزی ئەمریکی بۆ سەر تەوێڵەو بیارە کە میدیاکانی یەکێتی خۆش حالْ کرد بەو ناوەی کە ئەنسار و ئیسلام تەفرو تونا دەکەن لە ڕاستیدا یەکێك بوو لەو جەریمانەی کە ئەگەر لە تراژیدیای خێڵی حەمە ترسناکتر نەبووبێت بەدڵنیاییەوە کەمتر نەبوو, ئیدیی پێویستە ئەوە بزانین کە مۆدێرنیتی بێگوناە نیە بەڵکو ئەویش بۆخۆی گوناهبارە ئەوە تەنها وەهمە سیاسیەکانن دەیانەوێ تووشی ئەو وەهمەی خۆیانمان بکەن, دواتر ئایا بە ڕاست سلێمانی ئەو شارەی کە ڕۆحی تازەگەری تیایە توانای ئەوەی هەیە حیکایەت قبولْ بکات؟ ئایا گەنجەکانی ئەو شارە دەتوانن حیکایەتەکانی ئەو هێزە کە لە یەکی حوزەیرانی هوو ساڵێك دەیکەن بە ئەفسانە و منەتێك بەسەر گەنجەوە قەبولی بکەن؟ هەموو ئەوانەش کاتێ وەلاَمەکانیان نێگەتیف بوون مانای وایە پڕۆژەی مۆدێرنیتی پڕۆژەیەکە لەبەرامبەر ئەو شارەدا زیاترلە سیماکانە خۆی دەبینێتەوەو ناو بردنی بە شاری مۆدێرن تەنها وەهمێکی گوتاری سیاسیە, وەهمێك لە شوێنێکدا لافی ئێستابوون لێدەدات لە شوێنێکی تریش دا ئەووێنەیەی لەگەڵ ڕابردوو کۆلاژ دەکاتەوە و ئەو شارە دەکاتە بیانویەك بە دروشمی"شاری هەڵمەتو قوربانی" هۆکارەکەی ئەوەندە ڕوونە حزبی کوردیی ناتوانێ بێ قوربانی بژیێت, داوا لە خەڵکی شارەکە دەکات کە ئەوان خاوەنی ئەو مێژووەنەو تا ماویشن لەسەریانە قوربانی بدەن, ئەوەش تراژیدیایەکەو ئەو هێزە بەناوی مێژوو دەرخواردی ئەو شارەی دەداتەوە, هۆیەکەشی ئەوەیە دەسەلاَتی سیاسی لەناو کۆلاژکردنی وێنەی ئایدیاکان دەسوڕێتەوە, کە ئەوەش بۆ حزب دەبێت بە دووفاقی, دووفاقیك دواجار دەبێتەوە بە وەهمێك کەتیایدا سلێمانیویەکێتی وەك دوو بونیادی کەینونی لەجەستەی سیاسی وکۆمەلاَیەتیمان بەرهەم هێنەرین, ڕاستە لەناو ئەو وەهمەدا گەلێك زەمینەی نوێ هاتۆتە ئاراوە کە توانای گۆڕان

تیایدا باشترە, یان هەناسەیەکە بۆنەوەی نویٚ کەبتوانیٚ خەونی ئەو جیاواز بێت لەنەوەکانی پێشوو بەلاٚم ئـەوە نەبۆتـە هـۆی ئەوەی بلٚێین خاوەنی پرۆژەی مۆدێرنیتین, بەلٚکو ئەو شارە بۆتە دەروازەیەك بۆئەوەی بلـٚێین لێـرە باشـترمان دەسـت ناکـەوێت, بەلاٚم پێویستیەکی گەورەمان بەوەهەیە بە وەهمەکانی دەسەلاٚتی سیاسی فریو نەخۆین, کاتیٚ پێمـان دەلٚێـت شـارەکە لـەناو گوتاری مۆدێرنیتیدایەو ئەوەش دەسکەوتێکی منە بۆ ئێوە بـەلٚکو ئـەو هێـزە ناچـاربووە لـە بەرامبـەر خـەلٚکی ئەوشـارە سیاسەت بکاتو بانگەشە بۆگۆڕان وتازەگەری بکات, گۆڕان وتازەگەریش دوو گوتارن بارگاوین بەوەهم لەناو یەکێتیدا کـە هەرلەو ڕۆژەی ئەو هێزە درووست بووە بانگەشەی بۆ کراوە بەلاٚم تائەو ساتەوەختە نەتوانراوە کاری بۆ بکرێت, دەشـیٚ هۆیـەك لە هۆیەکان پەیوەندیی بە بوونی دۆخێکی کاریزما هەبوو بێت  دواجار وای کرد مـام جـەلال ببێتـە ئـەو کەسـایەتیە, ڕوو داوەکانی ئەو دواییەی ناو یەکێتی گەواهی ئەو ڕاستیەن لەبەر ئـەوەی پێشـتر لـەووتاری "کاریزمـای تالـٚەبانیو بێـدەنگی مەکتەبی سیاسی" لەو باسە قسەمان کردووە بۆیە لێرەدا ئەو بەشەی دەپەڕێنم کـە خوێنـەر دەتـوانیٚ هـەر لـە مالٚپـەڕی" دەنگەکان" بۆ ئەو بەشە بگەڕێتەوە

کاتیٚ ڕۆژەکان تێدەپەڕن و گۆڕان نـەك پرۆژەیـەکی بیرلێنـەکراوە نییـە بـەلٚکو تـەنها وەهمـەکانی ئـەو هێـزە لـە دوتـوێی مۆدێرنیتیدا لەدەنگ ناکەوێت ئەوسا تێدەگـەین هـەموو بانگەشـەیەك بـۆ تازەگـەری و گـۆڕان تـەنها لـەناو بانگەشـەی سیاسیانە دەمێنێتەوە دواجار سلێمانیش شارێکە دەبێت وەك خۆی تەماشای بکەین شـارێکە ئـارەزووی ژیاندۆسـتی تیایـدا لەگەشانەوە دایە بەلاٚم هەرگیز ئەو ژیاندۆستیە مانای ئەو مۆدێرنیتیە نیە کە یەکێتی لەناو وەهمـەکانی خۆیـدا دەیـەوێت نەوەی نوێش نوقمی بکات,. کەمەبەست لەنوقم کـردن لـەناو وەهمـی مـۆدێرنیتی نـوقم کردنـی نەوەیـەکی نوێیـە لـەناو وەهمەکانی حزب بۆئەوەی مێژووی مۆدێرنیتی کوردیی هاو واتا بکاتەوە بە یەکێتیو سلێمانی.